www.kurdistannet.org

28-10-2006 9:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بــۆ ڕای گشتــی و سەرجەم هونەرمەندانی کورد لە هەرکوێیەک بن

سڵاوێکی هونەریانە:

بەرێزان وەك لای هەموان ڕونە دوای کۆنگرەی یەکبونی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) و (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) وە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی (ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان)، دەنگ و بانگەشەی نارەزایی ئاراستەی ئەو ڕێکخراوە کرا، کە ئەم دەنگەش خۆی لە بەدیهێنانی خواست و داواکاری نوێ و سیستماتیك کردنی ڕێکخراوێکی نوێ و مەدەنی دور لە دەست تێوەردان و پاوانکردن دەبینێتەوە، هەرچەندە پێش ئەم یەکگرتنەوەیە نارەزایی هەبووە و بەڵێنی چارەسەریش درابوو بەڵام جەخار هیچ لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراو بێ ئاکام بوو.

ئێمەش وەك کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی قەزای دەربەندیخان کە لە خوارەوە ناوی تەواو و واژومان هاتووە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی هونەرمەندانی نارازی، وە ئەم خاڵانەش دەخەینە پێش چاو کە پەیوەندی بە هونەرمەندانی دەربەندیخانەوە هەیە:

1. مێژووی هونەری ئەم شارە پڕە لە خاڵی پرشنگدار بە ئیعترافی دەستەی باڵا و هونەرمەندانی بەرێزیش مێژووەکەشی لە مێژوی زۆر شارۆچکە کۆنترە بەڵام تا ئیستا ڕێزلێنان بۆ هیچ هونەرمەندێکی شیاو نەکراوە بەڵام کەسی تر بە عەلاقاتی شەخسیی وەری دەگرێت.
2. تا ئێستا ئەم ڕێکخراوە بیری لەوە نەکردۆتەوە بینایەکی شیاو بۆ لیژنەی دەربەندیخان دابین بکات کە تا ئیستاش بارەگاکەی لە ژورێکی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندایە ئەمەش وایکردوە خەڵکی ئەم ڕێکخراوە بە پاشکۆی حزبی بزانن.
3. ئایا ڕەوایە لیژنەیەك لە ساڵی 2001 ەوە مۆری نەبێت و چاوەڕێی مۆر بکات؟؟؟
4. پرس نەکراوە بە لیژنەی ئێمە کاتێك نوێنەری کۆنگرە دیاری کراوە وە خۆبەخۆ کەسێك دیاری کراوە وە ئەوکەسەش ئەو ئەرکە دور لە هەڵبژاردن بەئەستۆ ناگرێت.
5. هەموو ئەندامانی بەشداربوی کۆنگرە بە فلتەری لیژنەدا تێپەڕیوە بە پێی فۆرمی دابەزیوی بەرێزتان هەندێکیان ئەندامێتی نایانگرێتەوە.
6. خاڵێکی بەهێزی ئێمە ئەوەیە کەئەو فۆرمە ڕەتکەینەوە چونکە بەپێی لێدوانی هەندێك لە بەرێزان لیپرسراوانی هونەرمەندان کە گوایە (لە قەزاو ناحیەکاندا هونەرمەند نییە و پێویستیش نیە پرسیان پێ بکرێت)، ئەی کەوایە مانای چیە ئێمە ببین بە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا؟؟؟
7. سەرمان سوڕماوە لەوەی پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراو ژێربەژێر هەر ڕێکخراوەی بەجیا لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەندام دایە بۆ خۆی بە هەر شێوەیەك بێت.. ! ئەمەش لای ئێوە ئەوە دەگەیەنێ کە هەردوو ڕێکخراوەکە بە گومانەوە لەم یەکگرتنەوەیە دەڕوانن.

لەکۆتایدا ڕایدەگەیەنین لەبەر ئەم خاڵانەو چەندین هۆی تریش پڕکردنەوەی فۆرمی دابەزیو ڕەت دەکەینەوە وە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی هونەرمەندانی نارازی:

| ناوەکان | پلە | بواری هونەری | واژۆ |
|---|---|---|---|
| 1. دلشاد حسین قادر | ئەندامی کارا | شانۆ | |
| 2. ماجد ئەحمەد | ئەندامی کارا | شانۆ | |
| 3. فاروق ێابر محمد | ئەندامی کارا | شێوەکار | |
| 4. کمال حمە رشید | ئەندامی کارا | شانۆ | |
| 5. محمد ئەحمەد ڕەزا | ئەندامی کارا | شانۆ | |

| | |
|---|---|
| 6. خالد علی قادر | ئەندامی کارا شانۆ |
| 7. جبار حمە غفور | ئەندامی کارا شێوەکار |
| 8. دلیر عبدالعزیز | ئەندامی کارا شانۆ |
| 9. مجید محمد فقی | ئەندامی کارا شانۆ |
| 10.تانیا حمە عبدالقادر | ئەندامی کارا شانۆ |
| 11.گۆران علی فەرەج | ئەندامی کارا شانۆ |
| 12.حسن محمد ێالح | ئەندامی کارا شانۆ |
| 13.شهاب ئەحمەد فتاح | ئەندامی کارا شانۆ |
| 14. سامان عبدالرحمن | ئەندامی کارا شانۆ |
| 15.ئاراز عبدالر حمن | ئەندامی کارا شانۆ |